# هونەری وێنەکێشانی نوێ لەسەدەی بیستەمدا

ئامادەکردن‌و وەرگێرانی لە ئیتالی‌یەوە
«یاسین فەقێ سەعی»
١٩٨٥ - ئیتالیا

. پێشەکی :

«هونەری وێنەکێشانی‌نوێ» ناونیشانی زنجیرە نامیلکەیەکی هونەری‌یە ، لەم دوایی‌یەدا لەلایەن کۆمەڵێ لە هونەرمەندان‌و رەخنەگرانی هونەری‌یەوە ئامادەکراو دەزگای چاپ‌و بڵاو کردنەوەی» دێل دراگۆ - Del Drago» لە شاری میلانۆ - ئیتالیا - بەچاپ‌کردن‌و بڵاوکردنەوەی گەیاند . سەرجەمی بەرهەمەکە لەبەر گەورەیی‌و دەوڵەمەندی‌و زۆری بابەتەکان دابەش‌کراوە بەسەر (٣) بەرگ‌دا . .

* سەدەی بیستەم
* * ئیمپرێسیۆنیستەکان - ئینتیباعی‌یەکان - Impressionisti .
* * * ریالیستەکان‌و رۆمانتیکی‌یەکان - Realisti e Romantici

هەر یەکە لەم بەرگانە بە (١٤) زنجیرە بڵاودەکرێتەوە ، هەر بەرگێك نزیکەی (٢٨٠) لاپەرە دەبێت بەقەوارەی (٢١×٣١ سم) .

هەتا ئێستا - بەرگی یەکەم - هونەری وێنەکێشانی نوێ لە سەدەی بیستەمدا - تەنها (٢) زنجیرەی لێ بڵاوکراوەتەوە . کە تایبەتن بە بزوتنەوەو قوتابخانە هونەری‌یەکان‌و هونەرمەندە ناودارو بلیمەتەکانی سەدەی بیستەم . .

منیش لەبەر گرنگی‌و بەپێزی ئەم کارە هونەری‌یە ، بە پێویستم زانی گەرماوگەرم هێندەی بتوانم لەم زنجیرانە بکەمە کوردی‌و لاپەرەکانی گۆڤاری «کاروان»ی خۆشەویستیان پێ برازێنمەوەو پێشکەش بە مامۆستایان‌و قوتابیانی هونەری بکەم . . بۆ زیاتر روون کردنەوەو ئاسان‌کردنی بابەتەکان کەڵکم لە چەند بەرگێکی « ئینسیکلۆپێدیای هونەر - Enciclopedia dell'arte وەرگرتووە . ئومێدەوارم خوێنەرانی ئازیز سەرەتا لە ئامێزی سۆزی «کاروان»و پاشان لەم خزمەتە گچکەیەی من رازی‌بن . . سوپاس . .

## ١) - بزوتنەوەی «فاوڤیزم - FAUVISM

ئەم بزوتنەوە هونەری‌یە ، ساڵی ١٩٠٥ لە فەرەنسا سەری‌هەڵدا ، کۆمەڵێ هونەرمەندی لاو یەکەمین بانگەوازیان بۆکردو لەهەمان ساڵدا پێشانگایەکیان لە سالۆن دۆتۆم (Salon d'Automne)ی پاریسی‌دا کردەوە ، ناسینی ئەم گروپە

هونەرمەندە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ووتارەی ل . ڤۆکسێل (L. Vautxcelles)ی ڕەخنەگر کە پاش بینینی پێشانگاکە بڵاوی‌کردەوە ، ئەمەش بەهۆی ڕەنگە بریسکەدارەکانی تابلۆکانیانەوە . ئەو هونەرمەندانەش ئەمانە بوون «ماتیسێ ، ڤلامینك ، براکوێ ، مارکوێت ، فرێستس ، ڤالتان . . هتد ، لەو هونەرمەندە لاوانەی کەدەوری گرنگیان بینی لە ئینتباعی‌یەتی نوێ‌ی ئەورووپی‌دا . . ئەم بزوتنەوەیە شان بەشانی بزوتنەوەی «بروکێ»ی ئەڵەمانی بەگرنگترین بزوتنەوەی هونەری ئینتباعی ئەم سەدەیەمان دەزانرێت .

«فاوڤیزم» لە ووشەی «فاوڤیس»ی فەرەنسی‌یەوە هاتووە ، ماناکەی «ئەو گیانەوەرە درندانە» دەگرێتەوە کە لە جەنگەڵەکاندا دەژین ، بەکارهێنانی ڕەنگە بریسکەدارەکان‌و درێژەدان بەهەنگاوەکانی «ڤان‌کوخ»و هەوڵدان بۆ دۆزینەوەی ڕێگایەکی نوێ‌ی بەکارهێنان‌و دروست‌کردنی ڕەنگەکان لە بیرو بۆچوونە «غەریزە»یی‌یەکانەوە هەروەك . «گۆگان» هەوڵێ بۆدا . ئەمانە هەموو دەبنە سیفاتە سەرەکی‌یەکانی هونەری فاوڤیستی . . لەم ڕووەوە «گۆگان» بە مامۆستای ئەم بزوتنەوەیە دادەنرێت ، چ لە ڕووی چەندایەتی‌و چۆنایەتی ڕەنگەکانەوە ، چ لە ڕووی ماناو مەبەستە «دژ» بە «ناتورالیزم»ی‌یەکانەوە لە دارشتن‌و بینی خێراو ڕاستەوخۆی کرۆماتیکی شتەکاندا . .

«ماتیسێ» یەکێکە لە هونەرمەندە بەدەستەڵات‌و ناودارەکانی ئەم بزوتنەوەیە . بەهۆی پشت بەستنی تەواویانەوە بە (چەندایەتی دەسەڵاتی دەربڕینی ڕەنگ) ەکانەوە ، ساڵی ۱۹۰۷ لەگەڵ گەیشتنی « پیکاسۆ – Picasso» و بانگەوازی «کوبیزم Cubism»دا ئەم بزوتنەوەیە شلۆقی تێ‌کەوت‌و بەرەو نەمان هەنگاوی نا . . «براکوێ»ی هونەرمەندی فاوڤیستی شان بەشانی پیکاسۆ هەنگاوی ناو دەستی‌کرد بەکارکردن لە «کوبیزم»دا . . هونەرمەندەکانی دیکەش هەر یەکە ڕێگایەکی بۆ خۆی هەڵبژارد . . ڕێگایەك کەمتر «ملتزم»و زۆرتر «سەربەخۆ» .



**۲ – بزوتنەوەی «دێ بروکێ» – Die Brucke**

ساڵی ۱۹۰۵ لە درێزدن Dresda»ی ئەڵەمانیا . لەلایەن کۆکۆشکا Kokoschka»ی هونەرمەندی نەمسایی‌یەوە ، پرۆگرامێکی دیاری‌کراوی بۆ ئامادەکراو ، (دێ بروکێ) وەك بزوتنەوەیەکی هونەری سەری هەڵدا ، پێشتر لە ساڵی ۱۹۰۳ دا ، لەژێر ئەم ناوەدا چەند هونەرمەندێ کۆبوبوونەوە ، کە لەتابلۆکانیانەوە یەکەمین دیاردەی سەرهەڵدانی ئینتباعی‌یەت»ی ئەڵەمانی دەبینرێت ، دامەزرێنەرو کارگێڕی هەرەناوداری ئەم بزوتنەوەیە ، ئەم هونەرمەندانە بوون «کیرسنەر ، بلێیل ، چمیدت ڕۆتلوف ، هێکل» . پاشان ئەم هونەرمەندانەش پەیوەندیان پێیانەوە کرد «ئەمێت ، گالێن ، ڤان دۆنجێن ، مولێر» .

ساڵی ۱۹۱۱ لە درێزدن (Dresda) ەوە گوێزایەنەوە بۆ «بەرلین» ، هەتا ساڵی ۱۹۱۳ لە ناوخۆدا زۆر پتەوو پێکەوە بەستراوبوون . . بەڵام بەهۆی پەرەسەندنی چەندین قوتابخانەو بزوتنەوەی هونەری دیکەوە لە ساڵی ۱۹۱۳ دا کۆتایی پێ‌هات . .

هونەرمەندەکانی «دێ بروکێ» بەرەنگاری ئەو هونەری وێنەکێشانەیان دەکرد کە لەئارادابوو ، ئەو هونەرەی بەبێ هیچ چالاکی‌و هونەرێك ، زۆر سادەو ساکار لاسایی واقیعی دەکردەوە ، ئەمەش تەنها بۆ ئەوەی جێ‌ی ڕەزامەندی بۆرژوا



«گولێلمی یەکان» بێت . . ئەم بەرەنگاری یەشیان بەریالیزمێك دەکرد ، لەقولایی غەریزەکانەوە هەڵقولاییو یاساکانی کە دەبنە ڕێگری دەربڕنە قوڵەکانی ناخو بیر ڕەتبداتەوەو دەوری گرنگی غەریزە نیشان بدەن لەپاڵیانو داهێنان ڕووەو هونەرێکی ڕەسەنو سەرەکی یانە . . لەم بارەیەوە «ئارگان – Argan»ی مێژوونووسو ڕەخنەگری هونەری ئیتالی دەڵێت «ڕوخسارو شێوە ئیتباعی یەکان ، کاریکاتێری واقیع نین ، بگرە ئەو جوانی یەن ، کە لەجیهانی ناخو بیرەوە دەچنە جیهانی واقیعەوەو سیماو نیشانەکانیان بەتەواوی هەڵدەگەڕێتەوەو لە جوانی یە وە دەگۆڕڕێن بە «ناشیرین»ی . .» . . «دیٚ بروکیٚ» ووشەیەکی ئەڵەمانی یەو بەمانای «الجسر – پرد» دێت . ئەم بزوتنەوەیە چ لە ئەڵەمانیا ، چ لە وولاتانی دیکەی ئەوروپادا بوە هۆی پەرەسەندنو گەشەکردنێکی زۆر گرنگی هونەر لەم سە دەیەماندا . . ساڵی ۱۹۱۳ وەك بزوتنەوەیەکی هونەری لە گۆڕەپاندا نەمانو هونەرمەندەکانیش هەریەك بەرەو قوتابخانەو بزوتنەوەیەکی دیکە ملی ڕێگای گرتەبەر . .

**۳) – (La Neue Sachlichtkeit بزوتنەوەی (بابەتایەتی نوێ) الموضوعية الجديدة . .**

. . پاش توانەوەی بزوتنەوەی (دیٚ بروکیٚ) ، گروپیٚ هونەرمەندی شەیدا بە «ئیتیباعی یەت» بزوتنەوەیەکی هونەری نوێ ڕێکدەخەن بە ناوی «بابەتایەتی نوێ» . ئەم هونەرمەندانە بەشێك لەو گروپە دروستدەکەن «بێكمان ، دیکز ، گرۆستس» .

بەتایبەتی «گرۆستس» وەك هونەرمەندو نوێنەری ئەم بزوتنەوەیە ناوبانگ پەیدا دەکات ، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ هەڵوێستی ئاشکرای هونەرمەند ، کە ڕاستەوخۆ ڕەخنەی لە چینی دەسەڵاتدار دەگرتو بەتوندی دژیان دەوەستا ، گرۆستس لە ناخەوە ، حەزو ئارەزوویەکی بەهێز دەیبزواند ، تا گەیشتە دەوڵەمەندی یەکی زۆر لە دەربڕینو داڕشتنا . . وویستو حەزەکانی هێندە فرەبوون تا گەیاندیانە بە تەواوی شێتو شەیدا بوونی هونەرەکەی . . بە هەرحاڵ ئەم گروپە هونەرمەندە بەم هەڵوێستو بیروڕایانەوە ، لەسەر دوڕیانیٚ وەستانو بەسەر دوو بەشدا دابەشبوون : یەکەم . . ئەوانەی هونەرەکەیان دەگرنە ئامێزو لە گەڵ ڕۆشنبیری دەسەڵاتداراندا ڕێك ناکەونو وونبوونی خۆیان لە گۆڕەپانەکەدا پێشبینی دەکەنو لەگەڵ گشتدا نابن . . دووەم : بە پێچەوانەوە ، وەك ئامێرێك هونەرەکەیان بۆ خزمەتکردن بەکاردێنو ئەمەش بە پرۆژەیەك دەزانن – بەڵام جیاواز لە پرۆژەی پیشەسازی – وا بیریان دەکردەوە کە دەتوانن لایەنێکی خزمەتگوزاری کۆمەڵایەتی بەڕێوەبەرن بەهۆی هونەرەوە ، بەڵام ناوەڕۆكو بابەتەکانیان نەهونەری بوونو نەلەپێناوی هونەریشدا دەجولانەوە . .

**٤) – کوبیزم Cubism) (التكعيبية)**

وەك بزوتنەوەیەکی هونەری ، سەرەتا لە پاریس دەستی پێکرد . لە دەوروبەری ساڵی ۱۹۰۷ دا ، لەسەر دەستی (پیکاسۆ Picasso)و (براکویٚ Braque) بنچینە تیۆری یەکانی بۆ داڕێژرا . . پاش ئەوەی بەشداری پێشانگا گەورەکەی (چێزانیٚ Cezanne)ی هونەرمەندیان کرد لە ساڵی ۱۹۰۸ دا ڤۆکسێل (Vauxcelles)ی ڕەخنەگر لە گۆڤاری لی بلاس GLi) (Blas دا ووتارێکی لەسەر تابلۆی «کۆمەڵە گوند»ەکەی



«براکوێ» بڵاوکردەوە کە تیایدا باسی ئەو ڕێبازە نوێیەی هونەرمەند دەکات لە نەخشاندنی دیمەنەکاندا لەشێوەی چەند «شەش پاڵو – Cubo» یەکدا ، ئەم ووشەیە زیاتر فۆرمی خۆی دروستکردو لەو کاتەوە ئەو ڕێبازو بزوتنەوەیە ناونرا «کوبیزم – Cubism» . ڕەسەنی ووشەکە فەرەنسی یەو مانای «شەش پاڵو» دەگەیەنێ .

چەندین دیاردەو بەرهەمی ئەدەبیو هونەری دەبنە باریدەدەری سەرەتای دروستبوونی ئەم بزوتنەوەیەو بوارێکی گونجاو بۆ لەدایك بوونی دەڕەخسێن .

لە لایەکەوە لێکۆڵینەوەکانی (چیٚزانیٚ) کە داهێنەرو دروستکەری بواری قەبارەکانە ، کە ئەمەش بووبووە ڕێبازی کارکردنی – ساڵی ١٩٠٧ کاتێ پێشانگاکەی لە سالۆن دۆتۆم «Salon d'Automne»ی پاریس کردەوە – ئەم شێوە ئیشکردنە کارێکی زۆری کردەسەر «پیکاسۆ ، براکوێ ، لێگەر» و هەرزوو توانی پیکاسۆو براکوێ یەکبخات بۆ زیاتر قوڵبوونەوە لەو نوێکارییەدا .

لە لایەکی دیکەوە «هونەری ڕەش – واتە هونەری ڕەش پێستەکان» کە بانگەوازی سەربەخۆیی مەتێریالەکانیان کرد لە زەمینەی ئەو دەوروبەرەدا کە تیایدا دەبینرێن ، کارێکی زۆری کردە سەریان بەتایبەتی لەبەر ئەوەش بوو ئەم هونەرە ، لەو ساڵانەدا ، لە پاریس بووبووە مۆدە . . ئەمانە سەرەرای توێژینەوەو تاقیکردنەوەکانی «ئینتیباعی»یەکان ، بەدرێژایی مێژوویان لەهونەری فەرەنسیدا ، لە ساڵی (١٨٨٦) ەوە هەتا لەدایك بوونی «کوبیزم» . کە ئەوانیش مەبەستی سەرەکیان ئەوەبوو لەبری ئەو واقیعەی دەبینرێتو هەست پیٚدەکرێت ، واقیعێك بخەنەسەر ڕووی تابلۆکانیان کە بەهیچ شێوەیەك لە ئاساییەکە نەچێت . . ئەمانە هەموو پاڵنەرو هاندەری دامەزراندنی ئەم بزوتنەوەیە بوون ، دەوری گرنگیان بینیووە لە دارشتنی بنچینە تیئۆرییەکانی کوبیزمدا . .

پیکاسۆ بەهۆی تابلۆ بەناوبانگەکەیەوە لی دموازێل داڤینیۆن (Les demoiselles D'Avignon) ، کە وێنەی شتەکانی بەئەوپەری سەربەخۆییەوە کێشابوو ، بیٚ گویٚدانە دەوروبەرو جێگاکە – ئەمەش ئەو مەبەستەبوو کە هونەری ڕەش لەپێناویدا هەستابووە سەرپێ توانی چارەسەری تەنگوچەڵەمەی پەیوەندییەکانی نێوان «غەریزەو ژیانو حەزو ئارەزوو «لە لایەکەوە» ڕوخسارو بیرکردنەوەو بۆچوونە عەقڵییەکان «لە لایەکی دیکەوە» بکات . واتە ڕووناکی خستە سەر شێوەو ڕووخسارە تەماوییەکانو حەزو وویستە نەبینراوەکان بەهۆی کەرەسەیەکی «چیٚزانیٚ» یانەوە ، بەڵام بەهەڵگەڕاوەیی مامەڵەی لەتەك ڕەگەزە دەرەکییەکاندا کردبوو . .

ئەم گۆڕانکارییە نوێیە تەنها لە سنووری وێنەکێشاندا خۆی نەبەستەوە ، پەلی هاویشت بۆ بواری ئەدەبو شیعرو مۆسیقاش . . هاوڕێیەتییەکی توند لە نێوانی (پیکاسۆ)ی هونەرمەندو (ئەپۆلینایریٚ)ی شاعیرو (ستراڤینسکی) مۆسیقاردا پەیدابووبوو . ئەوانیش خۆیان خەریکی نوێکارییەکی لەم بابەتە کردبوو . .

ئەم بزوتنەوەیە بەچەند قۆناغێکی گرنگا تیٚپەڕی ، لەوانە قۆناغی کوبیزمی توێژینەوەیی – التكعيبية التحليلية – (١٩١٠–١٩١٢) و قۆناغی کوبیزمی پێکهاتوویی – التكعيبية التركيبية » (١٩١٢ – ١٩١٤) .

سالی (۱۹۱۰) هونەرمەندان «گریس و لیگەر» هاتنە ریزەکانی ئەم بزوتنەوەیەوە . لە ماوەیەکی زۆر کەمدا کوبیزم بە ئەوروپادا بلاوبوەوە . شەری جیهانی یەکەمو دووەم . هەلوێستی شۆرشگێرانەی هونەرمەندە کوبیستەکان . بوە هۆی ئەوەی ئەم بزوتنەوە بەرەو ئەمەریکا بپەریتەوە . . دەوری گرنگی ئەم بزوتنەوەیە لە سەر هەلدانو لە دایك بوونی چەندین بزوتنەوەی هونەری دیکەدا روونو ئاشکرایە . بەتایبەتی کوبیزمە پیکاسۆیی یەکە .

## ٥) – فتوریزم – Futurism –

بزوتنەوەی فتوریزم سەرەتا لەتەك بانگەوازەکەی «مارینێتی Marinetti»ی نووسەری ئیتالیدا لەدایك بوو . وەك بزوتنەوەیەکی ئەدەبی ، کە لەپاریس لە سالی ۱۹۰۹ دا بلاوی کردەوە . بزوتنەوەکە بەرەچەلەك ئیتالی یەو بۆ هەر بوارێکی ئەدەبی و هونەری ، بانگەوازی تایبەتی خۆی بۆکراوە . .

«دێلاونا Delaunay»ی هونەرمەند ، یەکێك بووە لە هونەرمەندە زۆر نزیکەکانی ئەم بزوتنەوە ئیتالی یە ، ئەویش هەمان رەخنەو بۆچوونی هەبووە بەرامبەر کوبیزم . . (بۆچچۆنی Bocci) هونەرمەندی تەشکیلی ئیتالی لە هەمان سالدا دەقی بانگەوازی هونەری وێنەکێشـــــــانی فتوریزمی نووسیو هونەرمەندان (باللە –G.Balla) و (کاررە C.Carra) و (روسۆلۆ .Russolo L) و (سیڤێرینی G. Severini) ئیمزایان کرد .

فتوریزم هەولیٚ هێنانە بەرهەمی هونەرێکی سەرتاپا نوێی دەدا ، هونەرێك رووەو پاشەرۆژ راپەرییٚ ، هونەرێك توانای دەربرینی تەنگوچەلەمەو دژواری یەکانی ژیانی نێو شارە «مێترۆپۆل»ی یەکانی هەبێت ، ئەو ژیانە جەنجالٚو پر ئاژاوەیەی هەموو رۆژیٚ بەبەردەوامی دووبارە دەبێتەوەو لەژێر کارتێکەرە زانستی یەکاندا سەرتاپای سیمای گۆراوە . .

یەکێك لە هونەرمەندە بەدەسەلاٽو ناسراوەکانی ئەم بزوتنەوەیە (بۆچچۆنی)یە . لە زنجیرەی کارە هونەری یەکانیدا کە سالی ۱۹۱۱ بەناونیشانی ستاتۆ داینمۆ (Stato D'amino) پێش کەشی کرد . توانی پەیوەندی یەکانی نێوان رەنگ دانەوەی شتەکانو کارتێکردنەکانیان پیشان بدات بەهۆی بوونی شتەکان لە دەوروبەرێکدا . لەو جی گایەدا کە تیایدا دەژین . . واتە هۆیەکانی (خایاندن) لە پەیوەندی یەکانی نێوان بابەتەکانو جولەو بزوتنەوەیا پیشان بدا .

(دێلاونا) و (باللە) زیاتر لە ذاتو دینامیکی یەتی ذاتدا قول بونەوە . (کاررە) لە بابەتی چۆنێتی درك پی کردنی هەستەکانی مرۆڤدا قول بوەوە بەرامبەر شتەکانو بەرهەمەکان . . بەلام (بۆچچۆنی) لەسەر مەسەلەکانی (خایاندن) و (چۆنێتی هێزە کارتێکەرەکان) وە رەنگدانەوەی بابەتەکان لە بیرو مێشکی – ذات – دا) زیاتر درێژەی بەتوێژینەوەکانی دا . . چونکە وای هەست دەکرد – ذات لەخۆیدا گەردوونێکەو لەیەك شێوەو فۆرما تەعبیر لەشتەکان دەکاتو بەردەوامەو دەژی . .

(بۆچچۆنی) لە دوا قۆناغی توێژینەوە هونەری یەکانی دا ، هەولی دۆزینەوەی سەرتاپای هۆیەکانی گۆرانو نوێ بوونەوەی هونەری وێنەکێشانی دەدا ، هەر لە «چی زانی» وە هەتا دوایی . . بەلام مەرگی ناوەخت بواری ئەوەی نەداو لە سالی ۱۹۱٦ دا لە راپەرینێکی شۆرشگێرانەدا کۆچی دوایی کرد . .

پاش مردنی (بۆچچۆنی) ، (سیڤێرینی) گەرایەوە سەر (شێوەسازی) یەکەی خۆیو (کاررە) لە هونەری (مێتالٚ – فیزیك)ی دا قول بوەوەو (باللە)ش گەیشتە هونەرێکی بەتەواوی ئەندازیارانە .

تێبینی :– ناوی سەرچاوەو دەقە ئیتالی یەکە . .

1– La Pittura Moderna – 1 , 2.
(Larte del Colore dall 800 ad oggi)
EDITORIA DEL DRAGO – MILANO – 1985
2– Enciclopedia dell'arte – Garzanti –
By ALDO GARZANTTI EDITORE
MMILANO – 1974